# شیعر و پەخشان

حەمەسەعید حەسەن

هەستی ئافرەت
لە پەڕەی گوڵ ناسکترە،
لاستیک نییە،
ئەوین لای ژن،
ستراتیژە،
تاکتیک نییە.

ئەوی توانای کەویکردنی زمانی هەبێت، بکارێت گەمە بە وشە بکات، بەسەر کێشدا زاڵ بێت، ڕیتمی نوێ دابهێنێت و پاشخانێکی ڕۆشنبیری فراوانیشی هەبێت، ئەوە خاوەنی بەهرەی شیعرگوتنە. لە هەموو سەردەمێکدا شیعرنووسی بێ بەهرە و شاعیری بەهرەدار هەبوون و دەبن. شاعیر هەبووە و هەیە، خاوەنی چەندان بەهرە، (شیعر)نووسیش هەبووە و هەیە، لە هەموو بوارێکدا بێ بەهرە.

تەنیا ئەوی خاوەنی گوێچکەی موسیکی بێت، بە قووڵی هەست بە جیاوازیی نێوان ڕیتم و ئاوازە جیاوازەکان دەکات. زۆربەی ئەوانەی شیعر بە پەخشان دەنووسن، خاوەنی گوێچکەی موسیکی نین. پاساوی ئەوانە ئەوەیە کە دنیای پەخشان بەرینە و کێش و ڕیتم نابنە سنوور و کۆسپ لەبەردەم شاعیری بە پەخشان نووسدا. ئەوی خاوەنی گوێچکەی مۆسیکی نەبێت، ئەو کێشانەی هەیە، چونکە نە ڕیتمێکی بۆ دەبینرێتەوە، نە کێشێکی بۆ پەیدا دەکرێت، بۆیە زۆر لەوانەی پەخشانەشیعر دەنووسن، دەشێت لە بێ بەهرەییەوە بێت، دەنا شاعیری بەهرەدار هەست بە بوونی ئەو مەرز و بەربەستانە ناکات. (شەکسپیر) هەموو ئەو شاکارە نەمرانەی بە شیعر نووسیوە. نووسەر دەتوانێت جوانترین تێکست بە پەخشانێک بنووسێت کە شیعری لێ بچۆڕێت، بەڵام ئەو تێکستەی بە پەخشان بنووسرێت، چەند باڵاش بێت، دەستی ناگاتە داوێنی بووکی شیعر.

ئەو شیعرە نوێیانەی (گۆران) دەینووسین، ئازاد نەبوون، ئاخر شیعری ئازاد کێش و سەروا فەرامۆش دەکات و (گۆران)یش هیچ شیعرێکی بێ کێش و بێ سەروای نەنووسیوە. شیعری ئازاد نە کێشی دێرین ڕەچاو دەکات، نە پاشبەند، بەڵکوو تەنیا پشت بە کێش و ڕیتم و موسیکای ناوەکی دەبەستێت، یان ت. س. ئەلیەت گوتەنی، سێبەری کێش لەبەر چاو دەگرێت.

مەرج نییە هەموو زمانێک بۆ نووسینی ئەو شیعرانە بگونجێت کە پشت بە موسیکای ناوەکی دەبەستن، چونکە هەر زمانە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. تازەکردنەوە لە شیعردا کاتێک دەکەوێتە خانەی داهێنانەوە، کە زادەی ڕۆشنبیرییەکی قووڵ بێت، ئەگەرنا ئەوانەی کوێرانە لاسایی ئەزموونی شاعیرێکی بێگانە دەکەنەوە، ئەوی دەینووسن بە داهێنان نێوزەد ناکرێت، چونکە مەرجی یەکەمی داهێنان، تێپەڕاندن و ئەفراندنی شێوازی نوێیە، نەک لاساییکردنەوەی شاعیرێکی نوێخواز. وەک چۆن لاساییکردنەوەی گۆران، نە داهێنانە و نە نوێکردنەوە، هەڵگرتنی شوێنپێی (بۆدلێر) یان (پاوەند)یش، نە ئەفراندنە و نە تازەگەری.

ئەگەرچی کێش شتێکی نەگۆڕ نییە، وەلێ شیعر هەمیشە کێشی هەیە، ئەوە پەخشانەشیعرە، کە کێشی تێدا ڕەچاو ناکرێت. تەنانەت (بۆدلێر) و (ڕامبۆ)ش زێتر شیعریان نووسیوە نەک پەخشانەشیعر. ئێستاش خوێنەری شیعر لە خوێنەری پەخشانەشیعر زێترە. ئێستاش ڕەخنەگران هێندەی شیعر بەسەر دەکەنەوە، نیو هێندە ئاوڕ لە پەخشانەشیعر نادەنەوە. پەخشانەشیعر تاکتیکە، شیعر: ستراتیژ، پەخشانەشیعر گوڵێکە لە پلاستیک، شیعر: گوڵێکە خۆڕسک.*

2003. 06. 20

* قصیده النثر، هل من موسیقی خفیه عن الاذن؟ ص ١٢٨ فوزی کریم، المدی عدد (٤٠) دمشق ٢٠٠٣